گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی دا

**شەتاو بێژەن حمە ڕەشید**
بەشی کارگێڕی یاسا، پەیمانگەی تەکنیکی ئایندە، هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق.
setavnn@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/٢/٤
پەسەندکردن:٢٠٢١/٣/١٠
بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Lov, Dogma, Epic, Nationalism, country*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.1.7

## پوختە

تەواوی بەش و باس و تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵەنەوەیە، پەیوەستن بە جۆری بابەتەکە خۆیەوە و لێیەوە وەردەگیرێت و گەڵالە دەکرێت، بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە (نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی دا). هەر بۆیەش لە ڕوانگەی هزری خانییەوە لەم بابەتانە دەدوێین.خانی سەردەمێکی زوو هەستی بە ئازار و مەینەتییەکانی میللەتی کوردی کردوە ، ئەوەش لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی دیرۆکییەوە سەرچاوە دەگرێ لە لایەک لە ناو خودی میللەتی کوردا سەریان هەڵداوە وەکو: نەخوێندەواری ،بێ هونەری و بێ ڕابەری ودووبەرەکی خودی تیرەو هۆز و میرە کوردەکانەوە خۆی دەبینێتەوە، لە لایەکی ترەوە ڕووداوەکانی وەکو: دابەش کردنی کوردستان و زوڵم و زۆری دوژمنانە ، کە لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵی لە ناو بردنی میللەتی کوردیان داوە، کوردستانیان خاپور کردووە، ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی ، بەرامبەر بەوە هزری نەتەوەیی لای ئەحمەدی خانی بەهێزو قووڵتر بووە.خانی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ڕەگەزو بنەما سەرەکییە کانی بوونی دەوڵەت لە میللەتی کوردا دەبینێ ، بەڵام موحەیەر و سەرگەردان سەری سور دەمینێ نازانێ هۆی دروست نەبوونی دەولەتی کوردی چییە. لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە . کاتێ دەڵێ:
گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقادەک
رۆم و عە رەب وعهجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا دکر غولامی
خانی جگە لەوەی داوای دروستبوونی دەولەتی نەتەوەیی کوردی کردووە،هزری ئیمپراتۆریەتی کوردی هەبووە.

## پێشەکی

دوای شەڕی چاڵدێران، کە لە ساڵی (٩٢٠ک.=١٥١٤ ز) لە نێوان سەفەوی و عوسمانی دا ڕووی دا و ئێران تێ شکا. پاش ئەو ڕووداوە گەورەیە، کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، بەشی هەرە گەورە وەبەر عوسمانی یەکان کەوت، ئەم گۆڕان و دابەش کردنە و پەیمانی زەهاو (١٦٥٥ز)، هەروەها چەندین گۆڕانی تر و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کورد و میللەتانی تری دەڤەرەکە دەکرا، وای کرد، کە بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری سەر هەڵبدات، هەروەها کەسانی بیرمەند و بلیمەتی وەک : ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧ ) یش هاتنە ئاراوە، ئەویش دوای ئەوەی کە لە مێژووی میللەتەکەی قوول بۆتەوە و شارەزاو ئاگادار بوونی لە تاوان و زوڵمی هەر دوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی بەرامبەر بە نەتەوەو نیشتمانەکەی ، ئەما بووە هۆی جۆشاندنی هزری نەتەوەیی لای ئەحمەدی خانی، بە مەش داستانی (مەم و زین ) لێ هێنایە بەرهەم بۆ ئەوەی داخی دڵی خۆی پێ هەڵرێژێ ، لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی نەتەوەو یەکێتی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیی بە شێوەیەک خستە روو کە زۆرترین تاکەکانی کورد بە دۆزی نەتە وە ئاشنا بکات، تا کو لە داهاتوویەکی نزیکدا ئازادی خۆیان بە دە ست بێنن ودەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن کە پەنا دەباتە بەر ئایین ، هەتا وەکوو لە پەنای ئایین مەسەلەی نەتەوە بخاتە ڕوو،دوژمنانیش هەستی پێ نەکەن، بۆیە خانی بە دامەزرێنەری قوتابخانەی نەتەوایەتی دادەنرێ لە شیعری کوردیدا، هەروەها ئایین و نەتەوەش پێکەوە کاریگەرییان زیاترە ، یان ویستوویەتی ئایین بۆ مەبەستی نەتەوەیی بەکار بهێنێ، چونکە جگە لە کورد نەتەوەکانی ناوچەکە ئەم کارەیان کردووە وە بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون، تەنیا کورد نەبێ ، چونکە ئایینی لە پیناو

ئاینەوە بە کار هێناوە هزری نەتەوەیی یان لەو ئاستە نەبووە کە داوای دەوڵەتی خۆیان بکەن ، چونکە هزری دروست کردنی دەوڵەت لە بنەما سەرەکییە کانی دروست بوونی هزری نەتەوەییان هەر میللەتێکە، بەهێز بوونی دەسەڵاتیش لە بەهێز بوونی بنەرەتییە کانی بیری سیاسییە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاری کردنی ئامانج و مەبەستی خانی لە نووسینی تێکڕای بەرهەمەکانیدا، بۆ نموونە لە مەم و زین دا هەوڵ و بزاڤی زۆری داوە بۆ سوودی گشتی جەفای کێشاوە، لە ڕووی هونەرییەوە پێنگاڤی داهێنەرانەی هاوێشتووە،لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە پیتی دوڕ و پەیڤەکانی لە مەرجان و ڕستەکانی لە زێر داڕشتووە، لە جوانکاری و کوردایەتیشدا نۆبەرەو تاکانەیە، چونکە ئەگەر کەسێک بە وردی بیخوێنێتەوەو پاشخانێکی چاندیشی نەبێ لە کۆتاییدا بە پڕی لێ دەبێتەوە، (( نەتەوەو دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) دا )) سێ بابەتی گرنگ و زیندوون لە هەموو کات و سەردەمێکدا گفتووگۆیەکی زۆری لەسەرە، (ئەحمەدی خانی) کەسێکی چالاک و بلیمەت بووە لەو سێ بیاڤانەدا بە تایبەتی قوول بوونەوەی لە هزری نەتەوەیی و سیستەمی بەڕێوە بردن و حوکمڕانی دەوڵەتدا بۆیەش بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێت.

لە ڕووی ڕێبازی لێکۆڵینەوە، لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبسترێت بە میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەی نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لای خانی.

## بەشی یەکەم : ( تیۆری )پێناسەی چەمکەکان

### ١.١ : چەمکی نەتەوە:

ئەگەر سەیری واتای فەرهەنگی وشەی نەتەوە بکەین لە زۆربەی فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیای بیانی و کوردی دا دەبینن زۆربەیان هەر بە یەک شێوە باسیان لێوە کردووە. ئەویش بەمانا ی کۆمەڵە مرۆڤێک دێت کە هەندێ تایبەتمەندی و سیفەتی تایبەتی بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر فەرهەنگی ئۆکسفرۆد وەرگرین بەم شێوەیە تێدا هاتووە: ((ناسیۆنالیزم ،ویست و ئارەزووی کۆمەڵێکی مرۆییە کە هاوبەشن لە ڕەگەز، کلتور، زمان .... هدت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ)) [1] ( The Oxford English

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Dictionary, Sixth edited by Sally Weh meier Oxford University Press Britain 2001, p. 847) واتە نەتەوە بەبێ بوونی ئەو ڕەگەزانە نەتەوە نیە، هەر بە هۆی ئەوانەشەوە نەتەویەتیان بۆ دروست دەبێت و بەمەشەوە دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دادەمەزرێنن. هەروەها لە فەرهەنگە عەرەبیەکانیش دا هەر نزیکە لەوەی سەرەوە بۆ نموونە لە موعجەمی لاروس دا هاتووە نەتەوە ((کۆمەڵە خەڵکێکە، یەکیتی زمان، داب و نەریت، ڕۆشەنبیری هۆکارەکانی بەرژەوەندی یەکەیان دەخات)) [٢] ( لاروس، ١٩٧٣، ل٩٧٥) ئەمەی کە لە لاروس دا هاتووەلە زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگە عەرەبیەکان دا هەر وایە. هەروەها لە فەرهەنگەکانی زمانی فارسیش بە شێوەی فەرهەنگە جیهانی و عەرەبیەکان باس کراوە، ئەگەر (فەرهەنگی زبانی فارس) وەرگرین بەم شێوەیە تێدا باسکراوە ((کۆمەلە مرۆڤێکە: لە ڕووی ئەتنییەوە ئسولی و کامل بوون و جیاوازییە نەژادیەکانی مرۆڤەوە بەیەک دەچن)) [٣] (مشیری، ١٣٧٤، ل٨٠٨) لەمەیاندا باسی زمان نەکراوە.

لە لای کوردیش هەر وەکو ڕۆژهەڵاتیەکان و ڕۆژئاوایەکان باس لە نەتەوە کراوە، بۆ نموونە: لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە ((نەتەوە = تۆرەمە، ڕەگەز، فرزەندی فرزەندی)) [٤] (موکریانی، ١٣٦٨، ل٧٨٩) هەروەها لە فەرهەنگی هەراشان دا بەم شێوەیە ناوی نەتەوە هاتووە: نەتەوە ((نەتەوە، قەوم، میللەت، گەل، کۆمەڵە خەڵکێک کە یەک ڕەگەز و فەرهەنگ و زمانو خاکیان هەبێت)) [٥] ( موکریانی، ٢٠٠٧، ٧٩٠) لە زۆربەی هەرەزۆری فەرهەنگە کوردییەکان بەیەک شێوە لەو وشەی نەتەوە دەدوێن هەروەکو هەردوو فەرهەنگی سەرەوە و فەرهەنگە عەرەبی و فارسی و جیاهنییەکان باسیان کردووە، چ جیاوازییێکی ئەوتۆیان نییە بۆ ئەوەی زۆری و بۆری ڕوونەدا بەم چەند فەرهەنگەی سەرەوە کۆتایی پێ دێنن، چونکە نامانەوێ هەمان شت دووبارە بکەینەوە.

### ٢.١: بناغەی وشەی دەوڵەت:

بناغەی وشەی دەوڵەت (State) بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، بەتایبەت وشەی (Status) کە مانای باردودۆخی جێگیر دەگەیەنێ ماوەیەکی زۆریش تێپەڕی تا گەیشتە ئەو چەمکەی ئیستا هەیەتی کە

سەرەتاکەی بۆ سەدەی شازدە دەگەڕێتەوە، هەروەکو لە ئینسوکلۆپیدیای بەریتانی دا هاتووە: وشەی دەوڵەت (State) بۆ کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو بەکار دێت، لەڕووی سیاسیەوە نوێ یە، بۆ یەکەم جار لە سەدەی شازدەهەم دا بڵاو بووەوە وە یەکەمین کەسیش تیۆریناسی ئیتالی نیکۆلۆ ماکیا ڤیللی لە کتێبی (Prince) دا بەکاری هێنا . ئەگەر پێشتریش لەم لاو لەولا وشەی دەوڵەت بەرچاو بکەوێت بۆ چەمکی جیا جیا بەکارهێنراوە، بەڵام دوای ئەم چەمکە کە وردە وردە جێگیر بووتا لە کۆتایی دا گەیشتە ئەم واتایە و بە یەکجاری ڕەگی داکوتا، بەڵام لە قاموسی سەلاحەددین دا بەرامبەر (State) هەردوو وشەی دەوڵەت، نەتەوە دانراون. هەروەها لەکۆنەوە کە دەیان گۆت دەوڵەت واتە: بوونی کۆمەڵگایەک کە تێدا تائیفەیەک حکومڕانی دەکات و ئەوانی تریش ملکەچ دەبن [٦] (سەعدوڵڵا، 1998،ل ٤١). واتە (کۆمەڵگا-دەسەڵات-ڕەعیەت) بەوسێ ڕەگەزیان دەگۆت دەوڵەت. هەر چەندە وشەی دەوڵەت زاراوەیێکی بچووکە، بەڵام واتایەکی زۆر گەورەی هەیە چونکە دەوڵەت هەموو شتێک دەگرێتەوە: دەریا، بیابان، ئاسمان و گەڵ .... تاد.

**٣.١:پێناسەی ئایین:**

پێش ئەوەی بێینە سەر پێناسەی ئایین ، واچاکە سەرەتا لە واتا فەرهەنگی یەکەیەوە دەستی پێ بکەین.
لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا چەند وشەیەک بەرامبەر بە وشەی ئایین بەم شێوەیە ڕیزکراون ((ئایین = مبداء، عقیدە ، ایمان، مذهب ، دین ،اعتقاد )) [٧] ( کامبانی، ٢٠٠٨، ل:٢٥). لە زۆربەی فەرهەنگەکان دا بەم شێوەیە لەواتای فەرهەنگی وشەی ئایین دواون. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی دا هاتووە: (ئایین هۆکاری پەیوەندییەلە نێوان خەڵک و خودا دا) [٨] ( نظام الدین، ١٩٧٧، ل،٢٣). ڕەنگە ئەم پێناسەیە زۆر لەباربێت بۆ ئایین. ئەوەی ڕاستی بێ لەزۆر لایەنەوە فەیلەسووف، مێژوونووس، جواناس و لاهوتییەکان دەڕوانن ئا یین، یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی ئایین ئەوەیە لەسەر بنچینەی باوڕ بنیات نراوە، لەم بارەوە دکتۆر جەمال نەبەز دەڵی: ((گرینگترین شتێک کە لەسەر بنچینەی باوڕ دامەزراوە ئایینە بناغەی ئایین لەسەر بوونی دوگما مێتۆ لۆژیا و بوونی خودێ دامەزراوە کە لە هۆکرد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و هێنەر بوونی مرۆڤ و جیهانە)) [٩] (نەبەز، ٢٠٠٦، ل٢٥٥). تەنانەت مارکسیش لە تاک و تەنیایی خودا هاوڕایە کاتێ دەڵێ: ((یەکێتی و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی هاوبەش لەسەر زەوی پێویستی بە رەنگدانەوەی دینی دەبێت، کە ئەوەیش یەکێتی و یەک بوونی خودایە لە ئاسمان)) [١٠] (کەریمی، ٢٠٠٥،ل ٢٥). واتە نکۆڵی لە تاکێتی خودادا ناکرێ. لێرەدا دوو شتی گرینگ لە بڕوای ئایینی دا جێگیرە، یەکەمیان: بونی خودا تاکە و کارو کردەوە و ئەفراندنی.

## بەشی دوەم: ژیان و بەرهەمەکانی خانی

### ٢-١ :ژیان و بەسەرهاتی خانی

ناوی تەواوی خانی ئەحمەدە کوڕی ئلیاس کوڕی ئەیاز کوڕی ڕوستەم کوڕی شێخ عەبولڕەحمانی مەزن، لە بنەماڵەی خانی یان تا میر حەسەن دەڕوات. میر حەسەن یەکەم کەسە کە ناوی لە بەڵگەنامە و ئەرشیڤی ئوسمانی و شەجەرەکانی بنەماڵەی خانی یان کە تا ئێستا پارێزراون [١١] (ڤارلی، ٢٠٠٤، ل٢٨٠). ئەمانە یەک لەدوای یەک گەورەیی بنەماڵەی خۆیان کردووە دوای مردنی ئەیاز، ئلیاسی باوکی خانی کە زانایەکی بە تووانا بووە دەسەڵاتی بنەماڵە دەگرێتە دەست خۆی و کەسێکی ناوداری ناوچەکە بووە، بە تایبەتی لە لایەن میری بایەزید ڕێزی تایبەتی هەبووە. بەرهەمێکی ئەو بە زمانی عەرەبی هەیە بە ناوی (قصة شمعون). لە سەردەمی دەوڵەتی خانی خانانی کوردە ئەوەی عادلتر لە پەهلولی پسیانی لە نووسینی ئلیاس کوڕی ئەیاز کوڕی رۆستەم شێخ عەبدولڕەحمانی مەزن کوڕی میر عەبدولڕەزاق لە ساڵی 1065 کۆچی بەرامبەر بە ١٦٥٤ی زایینی [١٢] (ڤارلی،هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢). لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە خانی لە بنەماڵەیەکی گەورە و خاوەن زانست و زانیاریی و ناودێری ناوچەکە بووە. لە دەرباری میری بایەزید قسەیان رۆیشتووە. باوکی خانی بۆ خۆی لە ساڵی 1036 کۆچی بەرامبەر بە ١٦٢٦ی زایینی بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی سینانیێ. هەروەها لە ساڵی 1644 عیسای بووە نووسەر لە کۆشکی میری بایەزید [١٣] ((ڤارلی،هەمان سەرچاوە ل ١٧٢). بەڵام ئەگەر بێینە سەر ژیانی خودی

ئەحمەدیٚ خانی کە خۆی لە کۆتایی مەم و زین دا ساڵی لەدایک بوونی خۆی دەستنیشان دەکا من پێم وایە لە شاعیرانی کلاسیک یەکەم کەسە کە مێژووی ژیانی خۆی تۆمار کردووە و ووتویەتی:

((لەورا کۆدەما ژ غەیب فەک بوو

تاریخ هەزار و شەست و یەک بوو)) [١٤] (خانی، ١٩٩٠،ل٤٤١ ).

واتە کاتی خانی هاتە دنیاوە ساڵی ١٠٦١ کۆچی بووە، بەرامبەر ١٦٥٠ی زایینی. کاتی کە (مەم و زین)ی تەواو کرد تەمەنی گەییشتووە ٤٤ ساڵ.

((ئیسال گەهشتە چل و چاران

وی پێشرەویٚ گۆناهکاران)) [١٥] (خانی، ١٩٩٠، ل ٤٤١).

شاعیرە کلاسیکەکان ساڵی نووسینی شعر و بابەتەکانیان نەنووسیوە.ئەحمەدی خانی تاکە سواری ئەو مەیدانە یە کە توانیوەتی ئەو تەم و مژەی لەسەر ساڵی لەدایک بوونی خۆی و نووسینی داستانەکەی برەوێنێتەوە. واتە تەواوبوونی مەم و زین لە ساڵی ١٦٩٤ زایینی بووە. سی ساڵی خەریکی نووسین بووە.

((خەططیٚ تەیە سەر نوشت و سەرمەشق

سی سالە خەطی خەطا دکەت مەشق)) [١٦] (خانی، هەمان سەرچاوە،ل٤٤٠).

خانی لە سەرەتاوە تا ساڵی بە کۆتایی هێنانی داستانی مەم و زین سی ساڵی ڕەبەق خەریکی نووسین بووە. بەم پێیە خانی لە تەمەنی چواردە ساڵی دا دەستی داوەتە نووسین. ئەمە بە پیٚ ئەو دێرەی سەرەوە، فیردەوسیش بەسی ساڵ شاهنامەی تەواو کردووە.

ئەحمەدیٚ خانی بۆ خوێندن لە زۆر شوێن گەڕاوە وەکو: ئورفە، ئەخلات و بەتلیس [١٧] ( سەجادی، ١٩٥٣، ل ١٩٤). وەکو هەنگ لە هەر شوێنیٚ شیلەی گوڵە جور بە جورەکانی مێژوو. لە ساڵی 1671 لە بایەزید لەبەر ئەوەی ئەحمەدی خانی هەر سیٚ زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی بە باش دەزانی. کراوەتە دەبیرڤان لە کۆشکی میر [٨] ( ڤارلی، ٢٠٠٨،ل ٢١٩). دوای ئەوەی لە ساڵی 1685 مزگەوتێک لە بایەزید

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست دەکا و تێدا وتار و پێش نوێژی کردووە و منداڵانی کوردی فێرە خوێندن و نووسین دەکا. هەروەها دەڵێن: خانی سەفەری میسری [١٩] (ڤارلی،سەرچاوە، ل: ١٨). کردووە لەوێ موڵەتی فەتوادان و وانە وتنەوەی وەرگرتووە. دیسان هەژار موکریانی دەڵی: ((خانی چووە بۆ ئورفە و ئەخلات و بەدلیس پاشان بۆ جزیریا بۆتان ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە، پاشان سەردانی بادینان و سەرحەدان و میسر و سوریاش کردووە)) [٢٠] (هەژار، ١٩٨٩، ل ٧). هەروەها بۆ خوێندن لە گەڵێك شوێنی تر گەڕاوە. بە ساڵان لە قوتابخانەکانی بەغدا، شام، حەلەب و ئێرانێ بەشاگردێتی ژیاوە. پاشان لە بۆتان و مێزۆپۆتامیا بەردەوام بووە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دا دەردەکەوێت کە تەوافی کەعبەی کردووە و سەردانی میسریشی کردووە. لە قوتابخانەکانی سوریا فێرە فەلسەفەی یونانی بووە لە قوتابخانەکانی ئێران و مێزۆپۆتامیا تەسەوف و فەلسەفەی ئیسلامی فێر بووە[٢١] (هەژار،٢٠٠٦،ل ٢٤).

### ٢.٢:بەرهەمەکانی:

ئەحمەدێ خانی نەک تەنیا شاعیر بووە، بەڵکو نووسەریش بووە. خانی فەرهەنگیشی داناوە لەبارەی باوەڕیشەوە کتێبی نووسیوە زێدەباری دیوانە شیعرێکی مام ناوەندیشی هەیە، لەگەڵ داستانی مەم و زین، تا ئێستا ئەوەی دیارە و ساغ بووەتەوە چوار بەرهەمی گرینگی ئەحمەدێ خانی چاپ و بڵاو کراونەتەوە بەڵام، دەکرێ ئەو بۆچوونەش ڕاست بێ بڵێین ئەحمەدێ خانی بەرهەمی زیاتری هەیە و تا ئێستا ون بووە یان هەیە و بە ناوی کەسی تر بڵاو بوونەتەوە یان لە لایەن دووژمنانی کوردەوە سووتێنراون.

### ٣.٢: نووبهارا بچووکان:

هەر چەندە پێش خانی هەوڵی بە کوردی نووسین هەبووە، بۆ نموونە قۆتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، دواتر عەلی تەرەماخی لە ساڵی ١٥٩١ ز هەوڵی دانانی دەستووری زمانی دا، زانایانی دیکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەشقی ئەوەیان دەکرد هەندێ لە زانستەکانی ئەو سەردەمانە بە کوردی بنووسنەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەر ی هزری نەتەوەیی بوو.

لەبەر بەرزی هزری نەتەوەیی ئەحمەدێ خانی کە دەیبینی منداڵانی کورد زۆر بە زەحمەت وانەی زمانی عەرەبی دەخوێنن، لە ساڵی ١٦٨٣ دەستی کرد بە دانانی فەرهەنگێك بە ناوی ((نۆبارا بچووکان)[٢٢](الخالدی،١٩٧٧،ل ٤٠).(نزیکەی هەزار وشەی عەرەبی بە کوردی لێکداوەتەوە، بە شێعر نووسراوە).

**٤.٢:عەقیدا ئیمانێ:**

عەقیدا ئیمانێ نووسینێکی تری ئەحمەدێ خانی یە کە بە شیعر نووسیویەتی و سەروای مەسنەوی تێدا بەکار هێناوە کە بیر و باوەڕی ئیسلام بە شێوەیەکی سادە و ساکار دەگێڕێتەوە شتێک نیە خانی تیا قووڵ بێتەوە چونکە بۆ منداڵانی کوردی نووسیوە بۆ ئەوەی لە حوجرەی مزگەوتەکان بە کوردی بخوێندرێت. هەروەها بە پەخشانیش هەیە لەگەڵ نۆبهارا بچووکان چاپ کراوە.

خانی خاسیەتێکی تایبەتی هەیە جیا یە لە هەموو شاعیرە کلاسیکە کوردیەکان. ئەویش ئاوێتەکردنی دوو شتە کە بە سەرکەوتوویی ئەم کارەی کردووە.

**یەکەمیان**: شیعری خۆماڵی، مەرجی دیاریکراوی خۆی هەیە لە کێشی سیلابی و قافیەی تایبەتی و زمان و رەوانبێژی قەومی.

**دووەمیان**: شیعری ئیسامی (غەزەل و قەسیدە) ئەمەشیان کێشی عەرووزی و یەکێتی قافیەی زمان و ڕەوانبێژی تایبەتی خۆی هەبوو ئەگەر فەقێ تەیران نوێنەری یەکەمیان بووبێ مەلای جزیری سەرۆکی دووەمیان بووە بەڵام، ئەحمەدێ خانی هەردووکیان کۆ کردۆتەوە.

لە یەکەمیان (مەم و زین)ی دروست کرد. لە دووەمیان دا هەموو [٢٣] ( خەزنەدار، ٢٠٠٧، ل ٣٧٥) بابەتەکانی غەزەل و قەسیدەی ئیسلامی هێنایە ناو ئەدەبی کوردیەوە.

**٥.٢ مەم و زین:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داستانی دڵداری ((مەم و زین)) گرینگترین بەرهەمی ئەحمەدێ خانی یە. چیرۆکێکی درێژە، بە شیعر هونراوەتەوە. ئەم ژانرە ئەدەبی یە زۆر کۆنە. بە زمانی لاتینی (ئیپیک) یان (ئێپۆس) ی پێ دەوترێ. دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ: (( بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەووترێ. دەتوانین گەڵی زاراوەی تر بۆ ئەم جۆرە هونەرە بدۆزینەوە وەکو چیرۆکی شیعری، داستان، مەلحەمە، کورد خۆشی (بەیت)ی پێ دەلێ)) [٢٤] (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل ١٦١). ئەم ژانرە بەشێکی عەرووزو بەکێشی پەنجەیی و بە سەرواى مەسنەوی دەنووسرێ چونکە شاعیر ناتوانێ بەتەواوی داستانەکە یەک جۆرە سەروا بەکار بهێنێ. بۆیە، جووت سەروا بەکار دەهێنێ چونکە بابەتەکە درێژە، پێی تەواو نابێ. ((خانی))یش لە مەم و زین دا بە شێوەیەکی وەستایانە جووت سەروای بەکارهێناوە. تەواوی سەرواکان مافی خۆیان دراوەتێ، هیچ جۆرە سەروایەکی نەهێناوە کە ئەرکی سەروای پێ ڕایی نەکرێ. هەموویان دەچنە ژێر باری سەروای تەواو بەڵام، لەڕووی کێشەوە زۆربەی لێکۆلینەران [٢٥] ( گەردی،١٣٨٣،ل ٤٠) لەسەر ئەوە کۆکن کە خانی کێشی عەرووزی عەرەبی – فارسی لە مەم و زین دا بەکارهێناوە. نکۆڵیش لەوە ناکرێ تێکڕای داستانەکە بە دەریایەکی ئەو جۆرە کێشە دەپێودرێت.

دەریایەکەش ئەمەیە:

((هەزجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزوف)) [٢٦] ( Ciwn, ١٩٩٧, ل٨٧:). پێیەکانیشی بەم شێوەیە:

**مفعول　　　مفاعلن　　　فعولن**

نموونەیەک لە داستانی مەم و زین وەرگرین ئەمەیان زیاتر روون دەبێتەوە.

((حوس/نێ/ل/رو/خێ /س/تی/و/زی/نێ

بۆ/بەح/رە/کی/ئا/تە/شێ/ئە/ڤی/نێ

پی/لا/و/د/گو/تە/پێ/ل و/مەو/جان

رو/ژا /د/کە/تە/حە/ چی/ز و/ئەو/جان

سەد /جا/ن و /د/ ل و /جە/گەر / د/ سو/تن

خەل/قێ/ب/مە/سەل/ژ/وان/د/گۆ/تن))[٢٧](خانی،١٩١٩،ل ٨١)

مفعول مفاعلن فعولن

### ٦.٢: دیوانی ئەحمەدێ خانی:

خانی کە خاوەنی مەم و زین و نۆبارا بچووکان و عەقیدا ئیمانێ بێت، بە هیچ شێوەیەک ناچێتە عەقڵی مرۆڤ دیوانێکی وای نەبێت کە شیعرەکانی هاوتەریب نەبن لەگەڵ قەسیدەکانی هەریری و جزیری بەڵام، لەم دوایە دا لە چەند لایەکەوە کۆمەڵە غەزەل و قەسیدەی بەرزی نزیک لە قەسیدەکانی جزیری چاپ و بڵاو کرانەوە.

دکترۆ عیزەددین ووتویەتی چەند قەسیدەیەکی خانی لە گۆڤاری زانستی ڕۆژهەڵاتناس ئەکادیمیای زانستی لە سانپترسبۆرگ بڵاوکراونەتەوە [٢٨] ( رسول، ١٩٧٩،ل٨٩ ) پاشان دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ لە ساڵی ١٩٦١ چەند قەسیدەیێکی خانی لەسەر لاپەڕەکانی گۆوڤاری زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەشاری سانپترسبۆرگ بلاوکرانەوە [٢٩] (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل: ٣٠٨). هەروەها مارگرێت ڕۆدینکۆ ماوەیەک خەریکی ئەو شیعرانە بووە لە پاشانا حەوت پارچەی لە غەزەل و قەسیدەی دەستنووسەکانی لە ((گۆڤاری نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقیا لە ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٦١، تێکستی شیعرەکان بە تیپی لاتینی و وەرگێرانی بە زمانی ڕووسی بڵاو کرانەوە [٣٠](خەزنەدار،هەمان سەرچاوە،٣٠٩).

### بەشی سێیەم:

### ١.٣: هزری نەتەوایەتی پێش خانی:

ئەگەر بە ووردی چاو بە مێژووی ئەدەبی کوردی دا بخشێنین دەبینین لەسەرەتا دا هەستی نەتەوایەتی هەبووە چونکە لەو ئاستە نەبووە کە پێی بوترێ هزری نەتەوایەتی، ئەوەیش بە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی، چونکە لەو سەردەمە دا نووسین بە زمانی کوردی بە تایبەتی شیعر بەو شێوەیە نەبووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو هەستەش لەسەرەتا دا لای باباتاهیر (١٠٠٠-١٠٥٨) دەبینرێ کە دوو بەیتەکانی بە (دیالێکتێکی لوڕی ناوچەیی تێکەڵاو نووسیوەتەوە. [٣١](خەزنەدار،٢٠٠٧،ل ١٨٧).ئەمەش دیالێکتێکی زمانی کوردی یە، بۆ نموونە: باباتاهیر دەڵی:

((گەر ئەژ زەر ئەو نەهی دیوانە ئەزگل

بە پەرچینەش کری وا نووشە وو ول

گەر ئەو بشنەش نەهی ئان دارێ شمشاد

گەر ئەو روونەش کری ئاواجێ بلبل

سەرەنجامان بشی بە پا بە هەرزی

پایێ تەگوور وی ماوایی تەگل)) [٣٢] (خەزنەدار،هەمان سەرچاوە، ل: ١٩٦)

دیارە بە دیالێکتی لوڕی یە بەڵام زمانی کوردی یە. بەمە نووسین لەو سەردەمە دا بە زمانی کوردی زۆر زەحمەت بووە چونکە، لە بەر ئەوی کە قەدەغە بووە یان ئەو کاتە زمانی ئەدەبیات نەبووە بەڵکوو زمانی عەرەبی و فارسی برەویان هەبووە و زمانی ئایین و دەسەڵات بوون. بۆیە هەموو نەتەوەکانی تریش هەر بەو زمانانە شیعر و ئەدەبیاتیان نووسیوە. کە کوردێک بە زمانی خۆی شیعر دەنووسێ، مانای ئەوەیە هەستی ئەو شاعیرە بۆ نەتەوەکەی جوڵاوە. بۆیە دبێ ئێمە بە شانازیەوە باسی بکەین، پاش ئەویش زۆر شاعیری تری وەکو: مەلا پەریشان _١٤٢١-١٥٥٦) و ئێل بەگیی جاف (١٤٩٢-١٥٥٣) بە کوردی شیعریان نووسیوە. هەروەها عەلی هەریری (١٥٣٠-١٦٠٠) بە دیالێکتێکی کرمانجی ژووروو نووسیویە بەڵام، سەبارەت بە زیادکردنی هەستی نەتەوەیی هەر لە یەک ئاست دا ماوەتەوە.

دوای ئەوانیش ئەو هەستە بەرەو بیر و باوەڕی نەتەوایەتی لای مەلای جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠) پەرەدەسێنێ چونکە ((غەزەل و قەسیدە لای ئەو بە زمانی کوردی بە کاملی لەدایک بوو. ئەگەر یەکێک بڵێ مەلای جزیری دەبوو بە فارسی شیعری بڵێت، باوەر ناکەین خەتای کردبێ چونکە، لەو سەردەمە دا زمانی فارسی باو بوو بەڵام، مەلای جزیری لەبەر ئەوە ئەو ڕچەیەی شکاند چونکە، بیر و باوەری نەتەوایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یا بە واتایەکی تر (ولاتپارێزی) لە دوای جەنگی چالْدران (١٥١٤) بە شێوەیەکی دیکە کەوتە ناوەوە لەو کاتەی خاکی کوردەواری لە نێوان شای عەجەم و سوڵتانی عوسمانی دابەش کرا. ئەمە بووە هۆی پەیدابوونی هەستی نەتەوەیی، لەبەر ئەوە مەلای جزیری کە شیعری کرد بە کوردی مەبەستی ئەوە بوو بڵێ کورد نەتەوەیەکە مافی ژیانی هەیە، پێویستە ئەدەب و هونەری نەتەوەیی خۆی هەبێ. ئەم ئەدەبە وەکو ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی بێ. چونکە ئەوەیش بە ئایین موسوڵمانە و خزمەتی ئایینەکەشی کردوە [٣٣] ( خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل: ٢٤٧-٢٤٨). جگە لەوەی کە مەلای جزیری چەند غەزەل و قەسیدەی بەرز بەزمانی کوردی دەنووسێ، کە زیندوو کردنەوەی زمانی نەتەوەیەکە زمانیش خۆی ناسنامەی نەتەوەیە، ناوی نیشتیمانی نەتەوەکەشی دەهێنێت کە کەس لە شاعیرانی کورد پێش ئەو ناوی کوردستانی نەهێناوە. لە دیرە شیعرێکی دا دەڵێ: ((گوڵی باغی ئیرەمێ بۆهتانم ،شەب چراغی شەبێ کوردستانم کوردستانم)) [٣٤] (جزیری ١٩٧٧، ل: ٥٠٩).

جزیری بە ناوهێانی کوردستان هێز و توانایەکی تر دەداتە شیعرەکانی و جەوهەری نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەکاتە بەر باڵای شیعری کوردی بە چراو ڕووناکی خۆی و شیعرەکانی شەوی تاریکی کوردستان و نەتەوەکەی ڕووناک دەکاتەوە.

### ٢.٣: بابەتە نەتەوەییەکان لای ئەحمەدێ خانی :

#### نەتەوەی کورد

ئەوەی ڕاستی بێ خانی لە هەموو ڕوویێکەوە باس لە نەتەوەکەی دەکا. بە تایبەتی لە مەم و زین دا بە دەیان جار ناوی کورد و هاو واتاکەی کرمانج دێنێ. شاعیر بوون و هەڵس و کەوت و داب و نەرێت و بەسەرهاتی گەلی کورد دەگێڕێتەوە، هەموو ئەو بوویەر و ڕووداوانەی کە پەیوەندیان بە کوردەوەیە لە سەدەی 17 هەمدا بە شیعر تۆمار دەکا. لە موقەدیمەی کتێبەکەی (لەرج Lerch) دا بەیان کراوە [٣٥] (جزیری، هەمان سەرچاوە،ل: ٣٧) تا ڕادەیەک بۆمان ڕوون بووە کە ناوی (کورد) پیشتر چی بووە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چۆن بەکارهاتووە. تا لە کۆتایی دا جێگیر بوو. هەروەها (کوردوخۆی و کاردۆخی)یش بەکارهاتووە.

نووسینی

(مەم و زین) یش تەنها گێڕانەوەی داستانێکی ڕووتی دڵداری نیە، بەڵکو گەلێك لایەنی تری تیا یە چونکە خانی خۆی دەڵێ:

((شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە

زینێ و مەمێ بکەم بەهانە)) [٣٦](خانی، ٢٠٠٧،ل٦٥) لەم دێرە دا وا دەردەکەوێت کە خانی لە نووسینی (٢٦٥٩) دێری داستانی (مەم و زین) دا، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی غەمی دڵی خۆی بووە، مەم و زینی مەبەست نەبووە، تەنیا بەهانەیەک بووە بۆی، ئەگینا ئەگەر بیتوانیایە ڕاستەوخۆ ئەوەی لە ناخی دا یە دەیخستە ڕوو. ڕەنگە مەم و زینی نەنووسیبوایە چونکە ئەو سەردەمە واتە سەدەی حەڤدەهەم سەدەی گەشبوونی هزری نەتەوەیی یە لای خانی کە هێشتا لە ئەوڕوپا لە بیر دانکی خەیاڵیشدا نەبوو. لای خانی چەکەرە و پەرەی سەندبوو. یەکێك لەو هۆیانەی کە مەم و زینی پێ نووسی بەرزی هزری نەتەوەیی بوو، کە لەم چەند دێرەی خوارەوە دا خۆی دەنوێنێ لە یەکێکیاندا دەڵێ:

((دا خەلق نەبێژیتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بنیادن)) [٣٧] (خانی،هەمان سەرچاوە ، ل: ٥٤)

واتە خانی مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی پێ دەمکوت بکات، تا نەتوانن بڵێن کورد هیچ مەعریفەتێکیان نیە، نەزان و نەخوێندەوارن، یان ناتوانن هیچ بنووسن. جگە لەمەش دوو بۆچوونی تری خانی لەم دێرە دا دەردەکەوێت.

**یەکەمیان**: نەژاد و بنیادی کورد، بێ گومان میللەتی کورد خاوەن نەژادێکی کۆنە سەر بە نەتەوە هێندی و ئێرانیەکانە، ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر هیندو ئەوروپاییەکان [٣٨] ( خەزنەدار، ٢٠١٠،ل: ١٥) بە پێ قۆناغە سروشتیەکانی مێژوو دروست بووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەمیان**: لایەنی مێژوو بێ گومان هەر نەتەوەیەک بە شێوەیەکی سروشتی بە قۆناغەکانی مێژوو دا تێپەڕ ببێ مێژووی تایبەت بە خۆشی هەیە. میللەتی کوردیش بوونی هەیە ناو و ئاڵا و نیشتیمان، داب و نەرێت، ئایین و کلتوری خۆی هەیە، بێ گومان مێژووی خۆشی دەبێ، بۆیە خەڵک ناتوانێ مێژووی میللەتێك بسڕێتەوە، ناتوانێ بڵێ کورد ئەسڵ و بنیادی نیە، زانست و زانیاریان نیە. خانی پەیامەکەی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ میللەتی کەرد وەکو هەموو میللەتانی تر ڕەگەزی بوونی نەتەوەیان هەیە.

### ٣.٣:ناوی دەوڵەت لای خانی:

ئەگەر تەواوی لاپەرەکانی مەم و زین هەڵدەینەوە بە ووردی دیرەکانی بخوێنینەوە، دەبینن خانی بە دەیان جار ناوی دەوڵەت دەهێنێ و ناوی وەزیر و ڕێبەر و تەواوی پێکهاتەی دەوڵەت بەکار دەهێنێ، مرۆڤ وا هەست دەکا کە خانی قاڵ بووی ناو کاروباری دەوڵەت و حکومڕانی کورد بیە وەکو پسپۆرێکی ئەوبارە دێتە بەرچاو.

بابزانین خانی چۆن و لەکوێ باسی دەوڵەت دەکا؛

1- لە کاتی نائومێدی دا:

خانی لەسەر زاری زین دەڵێ:

((دەوڵەت ب وەیە داریێ دونیا

رەفعەت ژ وەیە سەرایێ عوقبا)) [٣٩] ( خانی، ١٩٩٠. ل: ٢٠٤)

واتە: دەوڵەتی سەر ڕووی ئەم دونیایە ئێوەن، (مەبەستی میرە) سەرفیرازی ئادەمیزادیش لەسەر ئەم دونیایە لە لای خواوەیە، واتە هەر چەند دەسەڵات و دەوڵەتتان لە دەست دایە بەڵام، ئەگەر خودا ویستی سەرفیرازی و سەربڵندی بداتە یەکێك ئەوا هەر بۆ ئەو دەبێ، واتە نابێ مرۆڤ لە ناخۆشی دا ئومێد بڕبێ.

2- لە کاتی بوونی دەوڵەت دا:

خانی دەڵێ:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((وەقتێ کو ب دەوڵەت و سەعادەت

ئەڤ دەعوەتە بوو ب رەسم و عادەت)) [٤٠] (خانی، هەمان سەرچاوە، ل: ١٨٧).

لە سەردەمی بونی  دەوڵەت دا کە خەڵکێك لە خۆشی و ئارامی دا بژیێن ئەوا هەندێکی تر دژیان دەوەستن. ئەمە وەکو داب و نەریتێکی لێ هاتووە. میرەکانیش کاری چاک ناکەن، هەروەکو خانی دەڵێ:

((میر هەنە ئەو سەێید تازی

نادەن ب عەدالە ئێدە تازی) [٤١] (خانی،هەمان سەرجاوە ، ل: ١٨٦).

واتە هەندێك میر هەن ئەوانەی لەبەر دەستیاندان وەکو تاژی و سەگ ڕاو بەخێوی دەکەن و بە مایینی کەحێل ناگۆڕنەوە، مەبەستی مرۆڤی ڕەسەن و چالاکە، ئەم جۆرە کردارە وەکو داب و نەریتێکی لێ هاتووە لای دەسەڵاتداران. بەڵام خانی ئەوە سەرڕاست دەکاتەوە کە ئەوەی ڕاست و دروستە هەر ئەو بە کەڵکی دەسەڵاتدار دێ نەک ئەوەی میر وەکو سەگی ڕاو بەکار دێنێ چونکە دوایی پشتی تێ دەکات.

((ثابت قەدەمە ل دەعەوەتا تە

روودایە تە بەخت و دەولەتا تە))

ئەوەی کە پشگیریت لێ دەکەن، هەر ئەون بە کەڵکت دێن و پێ لەسەر داواکاری و ئارەزووەکانت دادەگرن.

3- بەرز نرخاندنی کچانی میری دەوڵەت:

خانی دەڵێ:

((لێ زادەیێد ددومان دەولەت

نەوبارەئێد بۆستانێ عەففەت))

واتە: ئەوانەی لە میرانی دەوڵەت پاش دەکەون، یان ئەوانەی میر و شازادەن، تازە پێگەیشتوون و خێڤەی باغی پاکی بەهەشتن، کە مەبەستی ستی وزینە.

4- لە کاتی لەخشتەبەردنی میر دا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانی لەسەر زاری (بەکۆ) بە میر دەڵێ:

((کۆ، غەم مەخۆ ئەی چراغی دەولەت

گەر عومر بدەت بومە موهلەت

ئەڤ کرب و ئەلەم ئەگەر تەناڤێ

زینێ و مەمێ ژدل خوە باڤێ)).

واتە: ئەی چرای ڕووناکی دەوڵەت غەم مەخۆ، ئەگەر عومر مۆڵەتمان بدات ئەم کەرب و کینە کە تۆ ناتەوێ لادەچێ و غەمی مەم و زینیش لە دڵ دەرکە.

**٤.٣: یایین و فەلسەفە لە لای خانی**

**ستایشی خودا**

یەکەم بنەما لە لای تەواوی ئایینە ئاسمانیەکان یەکتاپەرستی خودا یە، لە لای (ئەحمەدێ خانی) یش وەك موسلمانێکی سونی سەرەتا نامەکەی بە ناوی خودا دەست پێ دەکات و ستایش و گەورەیی و توانایی ئەو پیشان دەدا.

**ناوی خودا:**

((سەر نامەیێ نامە نامێ الله

بێ نامێ وی ناتەمامە ولله

ئەی مەطلەعێ حوسن عشقبازی

مەحبوبێ حەقیقی و مەجازی

نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عشق

ئسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عشق

بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە

بێ نامێ تە نامە ناتە مامە

نامێ تەیە شاە بەیتێ مەقصود

فەهرستێ موکاتەباتێ مەحمود)) (٤٢) (خانی،١٣٦٧، ل: ٢٢)

سەرەتا و دەسپێکی نامە ناوی خودا یە. هەر وەکو چۆن پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێ: ((کل أمرٍ ذي بالٍ لم يبداء باسم الله فهو أبتر)) (٤٣) (عبدالله ، ١٩٥٧، ل٤)

بە بێ ناوی ئەو نامە ناتەواوە،ئەی خودا تۆی سەرچاوەی خۆشەویستی و جوانی ئیمە تۆمان خۆش دەوێت بە بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ بکەین،هەندێکیان هیچیان لە تۆ ناوێ،هەندێکیشیان بەهەشتیان دەوێ،ناوی تۆ کەڤالی نامەی خۆشەویستی یە،ناوی تۆ قەڵەمی نەخشی ئەڤینداریيە، هەر خۆشەویستیەک بە ناوی تۆ نەخشە نەکێشرابێ؛ ئەو نووسینە تەواو نیە، کەم و کورتی تێدا یە، ناوی تۆ سەر ئامانجی پیرۆزە، ناوەڕۆکی نووسینی بەپێز و گران بەها یە.

**ئەنجام:**

خانی یەکێکە لەو جۆرە بیرمەندە گەورانە کە قووڵ بووەتەوە لە هزری نەتەوەیی و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنەتەوەی کوردی ڕوانیوە و باسی لە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی کردووە:خوو ڕەوشتی کوردی ، زمانی کوردی ، ئایین ،مێژوو ،ئەدەب ، هۆنەر، گۆرانی ، جەژنی نەورۆز هەروەها بە شیعر نەخشەی کوردستانی کێشاوە، خانی یەکەم کەسە لە سەر ئەمنی قەومی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان دواوە ، نووسینی مەم و زین بۆ ئەوە بووە کە مەبەستەکەی بخاتە ڕوو، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی بووە. واتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی ئامانجی یەکەم و سەرەتای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵ و بزاڤی خانی بووە لە سەدەی (١٧) هەم ئەحمەدی خانی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵی دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی داوە کە هێشتا لە ئەوروپا ئەو باسە نەبووە.بە هۆی نووسینی ئەو هەموو دێڕشیعرە لە بارەی کوردەوە بە ڕابەر و سەر ئامەدی شیعری نەتەوەیی کوردی دادەنرێ ،چونکە ئەو وەکو ئەنترۆپۆلۆجییەکی شارەزا لە هەموو مەسەلە ورد و درشتەکانی نەتەوەی کورددەردەکەوێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەحمەدەی خانی : ئاوێتە کردنی دوو شتە : ئایین و دەسەڵات ، بەکارهێنانی کێشی عە رووز و کێشی خۆماڵی لە یەک کاتدا. ئایین و نەتەوە پەرەستی ، دڵداری و کوردایەتی ، ئایین و دڵداری ، فەلسەفەو تەسەوف ، لە ڕێبازەکانی تەسەوفیشدا ئاوایتە کردنی یەکێتی شهوود و یەکێتی بوون ، وە ئەمە خانی لە هەموو شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە. خانی لە هەموو روویێەکەوە هەولی یەکبوون و یەکگرتنی میللەتی کوردی داوە ، خاڵە لاوازەکانی ئێمەی کوردی دەستنیشان کردووە . چارەسەر و ڕێ نیشاندەری ئێمە بووە بۆ گەیشتن بە ئامانج و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی کوردی. خانی لە فەلسەفەدا هەنگاوی چاکی هاوێشتووە . جگە لەوەی ناوی ئەرستۆتالیس و ئەفلاتوون و گەلێ زانای ناوداری جیهانی دێنێ ، باس لە مەسەلە فەلسەفییەکان دەکات و زۆر زاراوەی فەلسەفی بە کار دێنێ وەکو: هەیولا و رۆح ، جەوهەر و عە رە ض . هەر چوار ڕەگەزی ژیان. خانی قۆناغە کانی تەسەوفیشی بڕیوە و لە ڕێبازە فەلسەفیەکانیشدا سوار چاک بووە ، ڕێبازی ( یەکێتی بوون ) لای خانی گرنگترینیانەو لەو مەیدانەدا هاوشانی ئیبن عە رەبی یە

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

1 – ئەحمەدی خانی ،مەم و زین ١٩٨٦،ل٤٤١
٢- ئەحمەدی خانی ،مەم و زین،شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی ئەمینی ئوسمان،١٩٩٠،ل ٦٥
٣-ئەحمەدی خانی شاکارا مەم و زین ، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ ، هەولێر ٢٠٠٥.

٤- ئەکرەمی میهردادی ، ناسیۆنالیزم ، بڵاو کراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) ، سلێمانی ٢٠٠٦ ، ل ١٠٤-١١٦.
٥- بەهائەدین ئەحمەد محەمەد ، تیۆری دەوڵەت و سیستەمە ڕامیارییەکان ، سلێمانی ٢٠٠٢.
٦-د.مشهید مشیری ، فرهنگ زبان فارسی ،چاپ سوم ، سروش ، تهران ، ١٣٧٤ ، ل ٨٠٨.
٧- مەلا عەبدوڵا ڤارلی ، دیوان و ژینەواری ئەحمەدی خانی ، ئاڤێستا ،ئەستەنبووڵ،٢٠٠٤ ، ل ٢٨٠.
٨- مەلایێ جزیری ، (دیوان) توژاندنا سادق بهائەدین ، چاپخانەی کوڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٠٩.
٩- اسماعیل بادی ، هە لبەستی ئەحمەدی خانی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی هاوار ، دهۆک ١٩٦٦ ، ل ٦٠.
١٠- د. ،مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠٠١ ، ل ١٦١.
١١- د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی دووەم ،٢٠١٠ ، ل ٣٠٩-٢٢٨.
١٢-محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، کورتەییێکی کورد و کوردستان ، بەرگی ٤ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٦ ، ل ٣٥.
١٣- موراد جوان ، ئەحمە ی خانی ژیان و بەرهەم ، چاپی دۆز ، ئیستانبوڵ ١٩٩٧ ،ل ٨٧.
١٣- د. جەمال نەبەز ، کۆبەرهەم ،ژمارە ٦ ، سلێمانی ٢٠٠٦ ، ل ٢٥٥.
١٤- د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان ، چاپی سوید ١٩٩٣، ل ٦١.
١٥-سەڵاح سەعدوڵا ، قاموسی سەڵاحەددین ،چاپی یەکەم ، بەغدا ١٩٨٨.
١٦- شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ، چاپخانەی نوعمان نەجەف ، ١٩٧٢
١٧- عهلا ئەدین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، سەردەشت ١٩٥٢ ، ل ١٩٤.
١٨- عە بدوڵا ڤارلی ، دیوان و ژیبانامەی ئەحمەدی خانی ، دەمێشق ٢٠٠٨ ، ل ٢١٩.
١٩- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول ، مەلای جەزیری و شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی ، چاپخانەی (دار الحکمە) هەولیر ١٩٩٠ ، ل ٣٣.
٢٠- عبد الرقیب یوسف ، دیوانی کرمانجی ، چاپخانەی (النجف الاشرف) ١٩٧٠ ، ل ٨٦.
٢١-عهلی فەتاح دزەیی ، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ١٩٨٥ ، ل ٧.
٢٢- د. عهزیز گەردی ، کێشی شعری کلاسیکی کوردی ، چاپخانەی سامرەند- خانێ، ١٣٨٣ ، ل ٤٠.
٢٣- فەهمی شوکری ، ڕەگەزی نوێی شعری کوردی لای قەدری جان (١٩١١-١٩٧٢) ، ل ١٤٠-١٤٦.
٢٤- کوردستان موکریانی و هاوڕێیانی ، فەرهەنگی هەڕاشان دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٧.

٢٥- هاشمی کەریمی ، ئایین و دەسەڵات ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفسێتی قانع ، سلێمانی ٢٠٠٥ ، ل ٢٥.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

٢٦-انور محمد طاهر ، احمدى خانى فلسفة التصوف في ديوانه مم و زين ، الطبعة الاولى ، مطبعة الحاج هاشم ، اربيل ٢٠٠٧ ،ص ٢٣.

٢٧- ادونيس/ الثابت و المتحول ، ج/٣، صدمة الحداثة و الطبعة الثاية , مطبعة دار العوة , بيروت١٩٧٩ ، ص ٧٢.

٢٨- أبي بكر محمد بن عبدلله و احكام القران , جزء الاول ، تحقيق : محمد على البيجاوي , الطبعة الاولى و دارا احياء الكتب العربية مطبعة : عيث البادي و شركائه ، القاهرة ١٩٥٧،ص ٤.

٢٩- رەشيد فندى ، الفكر القومي بين خانى و حاجى قادر الكويى , الطبعة الاولى , مطبعة حجي هاشم , اربيل ٢٠٠٨، ص ١٦.

٣٠- د.نعمان احمد الخطيب و الوجيز فى النظم السياسة , دار الثقافة و النشر ١٩٩٩ ، ص ١٨٢.

٣١- عبد الكريم احمد ، القومية و المزاهب السياسية ، مطبعة الثقافية و القاهرة ١٩٧٠ ، ص ١٨٠- ١٠٤.

**سێیەم: گۆڤار:**

٣٢- سەعید دێرەشی ، نوبهارا خانی خوێندنگە هەک هێژایە ، گۆڤاری کەروان ژمارە: ٧٤،(ساڵی حەوتەم) ، نیسانی ١٩٨٩ ، ل: ٩٣-٩٤.

٣٣- تێلی ئەمین ، کێشی د مەم و زینا خانی دا ، گۆڤاری رۆشنبیری ، ژمارە : ١٠٩،١٩٨٦ ، ل: ١٦١.

**چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

34-The Oxford English Dictionary ,Sixth edited by Sally Weh meier Oxford University press Britain 2001,p .847

35-William Benton The New Encyclopaedia Britannia , London 1974.

# Nationalism, state and religion in the thought of Ahmadi Khan

**Shataw Bezhan Hama Rashid**
Department of Legal Administration, Aynda technical private institute, Erbil, Kurdistan rigion, Iraq
setavnn@gmail.com

***Keywords:*** *Lov, Dogma, Epic, Nationalism, country*

**Abstract**

All research axes and sections are related to the type of topic and is deduced from the research labeled (nationalism, state and religion in the thought of Ahmadi Khan), from this point of view we search for topics in Khani's thought.

These reasons led to the emergence of nationalist thought among Ahmad Khani in a strong and profound way.

Khani, despite his conviction of the existence of the basic and necessary characteristics to build the Kurdish state, but he is confused and does not know the real reason about not achieving this dream, although he found the solution to this dilemma by saying in poetic verses that can be translated as follows:

If there is an agreement between us
If we criticize ourselves and unite us
The Romans, Persians and Arabs as a whole
They all serve us.

## القومية و الدولة و الدين في فكر احمدي خاني

**كلمات المفتاحية:** الدولة, العقيدة, الملحمة, القومية, المحبة.

**ملخص:**

ان جميع محاور البحث و اقسامه مرتبط بنوع الموضوع و مستنبط من البحث الموسوم ب(القومية و الدولة و الدين في فكر احمدي خاني)، من هذا المنطلق نبحث عن المواضيع في فكر خاني.

لقد احس احمدى خاني منذ زمن بعيد بمعاناه و مصائب الشعب الكوردي، احساسه نابع من مصادر ثقافية داخل الشعب الكوردي مثل: الامية،التخلف الفني ،وعدم وجود القائد من جهة اخرى الخلافات بين القبائل و العشائر و الامارات الكوردية ومن جهة اخرى تقسيم اراضي كوردستان و ظلم الاعداء للشعب الكوردي و محاولاتهم لتحطيم و افناء الشعب الكوردي ، حيث قامو بهدم كوردستان.

هذه الاسباب ادت الى بزوغ الفكر القومي لدى احمدى خاني بشكل قوي و عميق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاني بالرغم من قناعته بوجود الخصائص الاساسية و الضرورية لبناء الدولة الكوردية، الا انه محتار ولا يعرف السبب الحقيقي حول عدم تحقيق هذا الحلم، مع انه اوجد الحل لهذه المعضلة من خلال قوله في ابيات شعرية يمكن ترجمتها كالاتي:

اذا كان هناك اتفاق بيننا

اذا قمنا بانتقاد انفسنا و توحدنا

فان الروم والعجم والعرب باجمعهم

فانهم جميعا يخدموننا

ان خاني بالرغم من طلبه تشكيل الدولة الكوردية الا انه كان لة فكرة ايجاد الامبراطورية الكوردية ايض